**هەرجارەی باسێک**

# تەندروستی ڕابەر، تەندروستی ڕێکخراو و کۆمەڵگا

ئاسۆ حامدی

ڕابەر یانی داینەمۆ و هەڵسوڕێنەر و ئاراستەکەری ڕێکخراو لە هەموو دەورانەکانی ژیانی ڕیکخراودا، ڕابەر لێرەدا خاڵی هێزە و چەقی قورسایی ڕێکخراوە و چڕ بوونەوەی ڕێکخراوە لە شەخسی خۆیدا ئەگەر زۆر بەکۆمەڵایەتی بووە ئەوا کۆمەڵگاش بەدوای خۆیدا کێش دەکات، ئەمەش خۆی لە بەدەستهێنانی ئۆتوریتە دەبینێتەوە. لێرەدا گرفتێ دروست دەبێ و ڕابەر بۆ ڕێکخراو و کۆمەڵگا وەکو شیرێکە هەردوولای تیژە. ( لەم کورتە باسە پەیوەندی دیالکتیکی ڕابەر و ڕێکخراو کۆمەڵگا زۆر بە گشتی باس دەکەین سەرفی نەزەر لە چۆنیەتی ڕابەرەکان و بیروباوەڕەکانیان و خزمەتکردنیان بە ئامانجی مەسەلەکان و دکتاتۆریەتی کەسایەتی و سەرکوت و خەفەقان و دلسۆزیان بۆ گەل و خیانەتکردن لە مەسەلەکانی چارەنووس سازدا).

ئاینەکان و مەزهەبەکان لەگەڵ پێغەمبەران و موریدەکانیان و تێکەڵاو بوونیان لەگەڵ یەکدا نمونەیەکی کلاسیکی ئەم باسەیە. یان ڕابەری شۆڕش و ئەحزابە سیاسیە جیاجیاکان هەموویان بە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤیانەوە بۆ گەل و نیشتیمان و چینەکانیان ڕاستی ئەم واقعیەتە نیشان دەدەن کە توانا و هیزی ڕابەران تەرمۆمەتری ڕێکخراو ڕادەگرن و بەرزو نزمی دەکەنەوە.

مرۆڤ خۆی لە خۆیدا گیانداریکی سیاسی کۆمەڵایەتیە، خۆی لە خۆشیدا زاتە یانی تەنها پێکهاتەی بایەلۆژی و کۆمەڵایەتیەکەی خودی خۆی دووری جیاجیای هەیە، خۆی دەستکەوتی خۆی و کۆمەڵگایە لە مانای زاتدا.
تەندروستی مرۆڤ مەسەلەیەکی ئالۆزە و ڕەنگە کارمەندانی تەندروستی کە فونکشیەکان دەناسن و کار وکاردانەوەکانی باشتر لە ئێمە دەزانن و پرۆفشیۆنیستی کارەکانیانن بڵێن ئەوەندە ئالۆز نیە، بەڵام زهینیەتی دینامیکی مرۆڤ لە خۆیدا ئەم مەسەلەیە زۆر ئالۆز دەکات.
ئەمە یانی مرۆڤیش هەرچەندە لە هەر ئاستیکی زهنی و فکری و کۆمەڵایەتی بێ ، ئەوە ناوەندێکی ڕێکخراوەیی هەیە. ئەم ناوەندە ڕێکخراوەییە چ بە ئاشکرا پەیوەندی پێ ی هەبێ یان بە شارراوەییەوە یانی هەر ئەگەر دڵی بۆ لێ بدات و جار جارە بە هەر شێوەیەک بێ ئەم خۆگێرانەوە بۆی هەر دەسەلمێنێ..
مرۆڤی ڕابەر لە کۆمەڵگای ئیستادا ئەم پەیوەندیەو ئینتمایەی ئاشکرایەو خۆی هەوڵی سازدانی دەدات.
لایەنێکی تری مرۆڤەکان کۆمەڵگا خۆیەتی لە مێژە ووتراوە کە مرۆڤ کوڕی دەوروبەریەتی، ئەم مەقۆلەیە لەم نێوەدا لە لایەنی گشتی دا وایە کە کۆمەڵگا ئینسانەکان لەم ناوەندە سروشتیەی لێی دەژی دروست دەکات.
بەڵام ڕابەران دەتوانن ناوەندی سروشتی کار لێ بکەن و بیگۆڕن و دروستی بکەن. ئەگەرچی ئەم ڕابەرانە لە دونیادا زۆرنین بەڵام ئەمە لە مێژووی هاوجەرخی مرۆڤایەتی دا نموونەیان هەیە.
جا لیرەدا ڕۆڵی ڕابەر و ڕیکخراو لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگا دەست پێ دەکات.
ڕۆڵی سێ گۆشەی مرۆڤ (تاک ) ڕابەر، ڕێکخراو و کۆمەڵگا گرنگن، ئەمانە لە هەموو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا ڕەنگ دەدەنەوە.
کۆمەڵگا ماددەیەکی خاوە لەبەر دەستی ڕابەردا بە هەموو وەزعیەتەکانیەوە، لە لایەکی تر ڕابەر زۆر نەرم و نیانە بەرامبەر بە کۆمەڵگا لە لایەکی تر توند و پتەوەو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی داوادەکات، لە بۆچوون و سیاسەتی واقعی دا نەک ئیرادە و ئیرادەگەری و ویست و ئارەزوودا. ڕابەر لە گەڵ مەسەلە ممکینەکان (ئەوانەی قابیلی جێ بەجێ کردن) و گرنگن و لە ڕیزی پێشەوەن و کاریگەری جدی و ڕیشەییەیان هەیە دەست بەکار دەبێ.

ڕابەر دەبێ فەرهەنگ بەرز و توانای هەموو کاتەکانی خۆش و ناخۆش و کارە قورس و ساناکانی هەبێ، ڕابەر دەبێ خاوەنی تەندروستی سیاسی و هەناسەیەکی درێژبێ ( هەردەم چارەنووسی خۆی و تەندروستی خۆی بۆ خۆیی و ڕێکخراو و کۆمەڵگا گرنگە و لەبەر چاوبێ).

گرفتەکانی کەسایەتی ڕابەر گرفتە بۆ ڕێکخراو و کۆمەڵگا ئەگەر ڕابەرێک بێت بە هەق ڕابەری ڕێکخراو و کۆمەڵگا، ئەگەر نا ئەوە کۆمەڵگا بە سادەیی لە لای ڕەت دەبێ .

لە دونیای ئیستا دا هەموو تاکێک (کەس) گرفتی هەیە، ڕابەرانیش هەروا لیرەدا ئەم ڕەنگدانەوەیە لەسەر ڕێکخراو بە ئاسانی هەستی پێدەکرێ، هەروەها لەسەر کۆمەڵگاشدا.

لە هەمان کاتدا ئەگەر ڕێکخراو کارەکانی باش چوونە پێش و کۆمەڵگا وەڵامی بۆ هەبوو، تەندروستی ڕابەر لەگەڵ سەرکەوتنەکان باشتر دەبێ. ئەم هەستکردن بە سەرکەوتنە تەمەنی ڕابەر درێژدەکات.

ئیرادەی کەسایەتی ڕابەریش بەندە بە چۆنیەتی چوونە سەری سیاسەتەکانی ڕێکخراو و کاریگەریان لە سەر کۆمەڵگا و بە پێچەوانەوە.

ئەگەریش ڕێکخراو کارەکانی باش نەچووە پێش و کۆمەلگا وەڵامی بۆ نەبوو و ئامادە نەبوو لەگەڵ سیاسەتەکانی هەنگاو بنێ ئەوا رابەر تووشی دڵە ڕاوکێ و نیگەرانی دەروونی و هەزار و یەک پرسیار و وەڵام دەبێ و تەندروستی بەرەو خراپی دەچێ سیس و کز دەبێت.

لێرەدا هەندێ نموونەی بەرجەستە باس دەکەین بۆ ئاسانکاری ئەم کورتە باسە:

مێژووی هاوچەرخ بە دەیان و سەدان نموونەی لەم چەشنەی هەیە، ئەگەر بە چەند مەسەلەی جۆراوجۆر دەست پێ بکەین لە شۆڕشی دیموکراتی فەرەنسا ڕابەرانی شۆڕش وا تێکەڵاوی ئامانجەکان بووبوون کە هەموو ئاوات و سەرکەوتنەکانیان لەوان دەدیت، لە کۆمۆنەی پاریس دا بلانکی نموونەی ڕابەر و داخوازیەکانی شۆڕش بوو، لە ڕووسیە لینین و بەلشەویزم و شوراکرێکاریەکان کە زۆربەی زۆری کۆمەڵگای دەنواند یەک ڕوو بوون، کەس نەیدەتوانی و ناتوانێ لەیەکیان جیا بکاتەوە و تەنانەت هەنگاوەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاتێ کە لینین لە هیز و توانای فیزیکی و بیرو دەسەڵاتی حیزب دا بەهیز بوو ڕێکخراوەکەی ( ڕێکخراو لێرە مانای شمولی هەیە) هەمان هێزی هەبوو، ستالین و تروتسکی کێشەکانیان نەدەتوانرا ئاوا بەئاسانی بخەنە ڕوو، کاتێ تەندروستی لینین هێلی بیانیەکەی بۆ دواوە نزم دەبووە ئەوا ستالین فرسەتی وەرگرت. هەر ئەمە بۆ ستالین و خرۆشوفیش وابوو.

ئەم پەیوەندیەی نێوان ڕابەر و ڕێکخراو پەیوەندیەکی مەنتقیە، لە زۆر حالەتدا ڕابەران دروستکەر و داهێنانی ڕێکخراوەکانن یان بەشێکی سەرکین لێی.

ڕابەری ڕاستەقینە یانی پێشڕەوی هەموو مەیدانەکان و کات و زەرفیەتەکانی لێپرسراویەتی یە، لە دونیای ئەمڕۆدا مادده یان دراو کاریگەریەکی زۆری لەسەر جێگاو ڕێگای ئەم ڕابەرایەتیانە هەیە ( بەنموونە لە کۆمەڵگای ئەمریکا لە کاتی هەڵبژاردندا– لە کۆمەڵگای ئەورووپیدا کەمتر کاریگەریان هەیە– بەڵام لە گشتدا کاریگەری خۆی هەر هەیە)، ئەگەرچی ئەمە لە ڕێکخراوە کرێکاری و کۆمونیستەکاندا بە حوکمی جێگاو ڕێگایان لە کۆمەلگادا لە شکڵ دا کەمتر ئەم کاریگەریەیان پیوە دیارە.

تەمەنی مرۆڤ دیاری کراوە لێرە باس لە تەمەنی فیزیکی دەکەین، ڕەنگە تەمەنی ئادەم سمیث و مارکس یان فیورباخ و گالیلۆ و ئاینشتاین و شکسبیر و فکتۆر هۆگۆ و دانتی و دەیان زانای تر لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتی دا تاسەر بڕاو هەر بمێنن، بەڵام هەر بە نەگۆڕاوی دەسکەوتەکانیان. جا هەموو ئەوانەی لە رابەری دان ڕۆژێ دێ دەبێ ئەم کورسیە یان ئەم مەوقعیەتە چۆل بکەن. لەبەر هیچ نا تەنها مەسایلی تەندروستی و فیزیکی ئینسانەکان.

نەک لەبەر ئەوەی ڕێکخراوەکەیان نایانەوێ یان گەل لێیان ڕازی نین،( جا ئەگەر لێشیان ڕازی بوون ) بەڵکو لەبەر ئیدامەدانیان لە ژیان دا وەکو گیانەوەرێ، ئەوکات بیر و هزری ڕێکخراویش کە وەکو ئەوکاتە هەیە لەگەڵ خۆیان دەبەنە

ژێر گۆڕەوە، دەیان و سەدان نموونە دەتوانین لێرەدا باس بکەین.
لە دوا تەمەنی ڕیگن دا کێ باوەڕی دەکرد ئەم مرۆڤە ئەوەندە کاریگەری بەسەرمۆدێلی ئابووری جیهانەوە هەبووبێ. لە دوا ساتەکانی ژیانی هەموو شتێکی بیر چوو بووەوە.
هەموو ئەو حزبانەی کە ڕابەرەکانیان پیر بوون دوای مردنی ڕابەرەکانیان ئەوا وەزعیەتیکی سیاسی و ڕێکخراوەیی جیاواز دێتە مەیدان، ئەمەش مەسەلەیەکی مەنتیقە.
ڕەنگە ئەم ئاڵوگۆڕانە هەر سلبی نەبێ دەکرێ ڕابەرانی تر بێنە مەیدان دیسانەوە تەندروستیەکی تر بدەنەوە حزب یان ڕیکخراو لێرەدا مانای ئەسلی باسەکە هیچ گۆڕانی بەسەر دانایێ، چونکە ئەم دووە یانی ڕابەر و ڕیکخراو لە واقع دا کە کۆمەلگایە لەنێو یەکدا دەتوێنەوە. ئەم توانەوەیە ئەگەر بە ئیجابی و سلبی بوو ئەوا ناوی ڕابەر لەگەڵ خۆیدا دەبات.

لەگەڵ ئەوەش زەرفە مەوزوعیەکان زۆر شت بەسەر ڕابەر دەسەپێنن و تەندروستی هەندێ جار تێک دەدەن، ئەگەر ڕابەر توانای گۆڕان و کاریگەری لە زروفە مەوزوعیەکان نەبێ ئەوا ئەسیری دەستی زروف دەبێ و ڕابەرایەتیەکەی دەچێتە فازێکی ترەوە و تەندروستی تەواو دەگۆڕێ. ژیانی ڕێکخراوەیی و ڕابەر دوو شتی جیا و تێک هەڵکێشن لەگەڵ کۆمەڵگای مەجود دا. لە کۆمەڵگادا زیاتر یەک دەگرنەوە. لەلایەکی تر هەڵوێستەکان زۆرجار کۆمەڵگا بەناچاری ڕووی ڕیکخراو و ڕابەر بۆ هەڵوێستی جیا وەردەگێرێ ئەوکات کۆمەڵگا لەوانیە نەعلەت لەم ڕابەرە بکات هەر لێشی دەکات ڕۆژێ لە ڕۆژان لە مێژووی سیاسی خۆیدا.
ڕابەر (فەردێکی کاریەگەر) لە ڕێکخراو و کۆمەڵگا دا دەتوانێ مێژوو دروست بکات، ئەگەر هاتوو فرسەتی لە دەست نەدا و تەندروست بوو. ئەوکات ڕێکخراوێکی تەندروست و کۆمەڵگایەکی تەندروستیش دەست بەکاردەبێ.
بەڵام ئەمە لایەنی ئۆتۆپیای ڕابەر و ڕێکخراوە، کۆمەڵگا هەر بە ناڕیکی لە پراکتیکدا حەرەکە دەکات.
ئەم ناڕێکیە لە حەرەکەتە گرفتی زۆر بۆ تەندروستی ڕابەر و ڕێکخراو دێنێ. کە ئەمانەش کاریگەری فاکتۆری جیاجیای دەرەوە ناوەوەی کۆمەلگای بەسەرەوەیە.
هەڵوێستی سیاسی و بەرنامە و تاکتیک و ستراتیژی ڕێکخراو کە زۆرجار ڕابەر هێلە ئەساسیەکانی دادەڕێژێ هەماهەنگە لە گەڵ توانای ڕیکخراودا. بەڵام لە هەموو حالەتێکدا ئەم پەیوەندیەی نێوان ڕابەر و ڕێکخراو یانی تەندروستیان یەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە و کۆمەڵگا تەرازووی هەردووکیان ڕادەگرێ یان تێکدەدا.
یەکێ لە گرفتەکانی سوسیالیستەکان لە دونیادا نەبوونی ئەو ڕابەرە کۆمەڵایەتیەیە، چۆن میللەتی کوردیش لەمێژە خەون بەم ڕابەرە دەبینێ و بە دەست کورتیەوە دەناڵێنێ.

ئابی 2007